# دوو _ ڕوو

تەرزە جاف

لە گەڕەكی تەعجیل،
پیرێژنێكی دراوسێی ماڵی خەزووری دراوسێكەمان
لە دانیشتنێكی بەردەرگادا
بەدەم قرتاندنی گوڵەبەڕۆژەوە وتبووی:
ژن چووزانێ شیعر بنووسێ
پیاوەكەی بۆی دەنووسێتەوە ".
شاعیرێكیش لە "مەچكۆ " بە دەم جگەرەكێشانەوە هەمان قسەی كردبوو.

ئەوەی یەكەمیان قسە و قسەڵۆكی ژنانە و
دووەمیشیان گفتوگۆی رۆشنبیرییە.

لە گەڕەكی باداوە،
لە دانیشتنێكی بەردەرگادا،
خەسوویەك بەدەم برنج بژاردنەوە وتبووی:
"ژن تەنیا بۆ مەتبەخ و ژووری نوستن باشن "
ئەدیبێكیش لە دەزگایەكی ڕۆشەنبیری، هەمان قسەی كردبوو.

ئەوەی یەكەمیان حەسوودیی ماڵە خەزوورانە
دووەمیشیان بۆچوونیكی فەلسەفیە.

له مەنتکاوه دایکێك به کچە قوتابیەکەی دەڵێت:

ژن شەهادەی بۆ چیە؟

مێرد و منداڵ ماجستێر و دکتۆرای ژنن.

مامۆستایەکی زانکۆش هەمان قسەی کردبوو.

ئەوەی یەکەمیان دیسان قسەی ژنانه

دووەمیشیان زانسته مرۆڤایەتیەکانه .

هەموو ڕۆژێك ژنه نەخوێندەوارەکان لەپێش دەرگای ماڵەکانیان

پیاوه ڕۆشەنبیرەکانیش له چایخانه و نادیەکان ،

کۆ دەبنەوه و قسه دەکەن.

قسەی ژنەکان "قسه و قسەڵۆکه" و

ئەوی تریش نوێخوازی و بێگومان ..ئیبداعه.

ئەیلول٢٠٠٢